## جومعه كەريم محمەد:

# ئەوكاتەی چاڵاکانم بینی ئەو قسەیەم بیرکەوتەوە کە شیخ ئەلعەشیرەکە ووتی بەشەو لەلای گۆڕەکان ئیش بکەن .

دیمانە: عومەر محەمەد

دیمانە لەگەڵدا کراو جومعە کەریم محمد.

شوێن : کفری کۆمەڵەی روناکبیری .

کات : ١١ی شەو .

ڕێکەوتی ٢٠١١/١/١٣ ،




جومعە کەریم محمد دانیشتووی شاری دوزخورماتووە، ئێستا مامۆستای بەشی هونەری شێوەکارییە لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی شاری کفری، ئەوکاتەی تیمێک لە فیلمی (من بەکرێگیراوی سپیم) چووینە شاری کفری ئێوارەیەک بەرێکەوت مامۆستا جومعەم ناسی، دوای ئەوەی کەوتینە گفتوگۆ لەمەر تاوانەکانی ئەنفال ئەو وتی: من تۆ دەناسمو گۆڤاری ئەنفالستانیشم خوێندووەتەوە، لەناو قسەو باسەکەماندا سەرەداوی دۆسێیەکی زۆرگرنگی پیشاندام ئەو باسی لە دۆزینەوەی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵەی زنجیرە چیای حەمرین کرد کە بۆ خۆی دۆزیویێتیەوە. ئەمە بۆمن گەوهەرێک بوو بەڵام ئەو زۆر بەسادەو ساکاری باسی کرد، چونکە دیارە ئەو پێشتر هەموو زانیارییەکی بەخشیبووە لایەنە پەیوەندیدارەکان گوێیان پێنەدابوو بۆیە ئەویش بێ ئومێد بوو لەهەموو هەوڵێک .

مامۆستا جومعە لە ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٥ دا خوێندکاری زانکۆی بەغدا بوو، بەڵام هاوینان بۆ پەیداکردنی بژێوی و دەستخستنی برێک پارە بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی پێویستی بەوە بوو کارێک بکات هەتا خەرجی خوێندنەکەی دەستەبەر بکات،لە پشووی هاوینی ئەوساڵانەدا بووەتە سایەقی دەراسە،لە کێڵگە کشتوکاڵیەکانی ناوچەی تکریت،لەبەر ئەوەی ماڵی مامی شەریکی کابرایەکی عەرەبوون و پێکەوە ماشێنێکی دروێنە(دراسە)یەکیان کڕی بوو، لە ناو کێڵگەیەکی گەنمدا لەکاتی درەوکردندا هەستی کردووە کە ئەو ناوچەیەی دروێنەی تێدا دەکات چاڵی نامۆ دەبینێت. لەکاتێکدا بیر لەم چاڵە نامۆیانە دەکاتەوە قسەیەکی کابرای عەرەبی بیردەکەوێتەوە کەدەڵێت شەو لای

قەبرەکـان دروبکەن، دوای بە دواداچون بۆی دەرکەوتووە کە ئەو شـــوێنە گۆڕی بەکۆمەڵی تێدایە، جومەعەش کە وەک هەرکەســێکی دوزخورمـاتوو کەســوکـاری ئەنفـالکراوەو هەتـا ئەوکـاتەش بێســەروشــوێن بوون، دەکەوێتە پرســیارکردن هەتا دەگاتە دڵنیایی. بۆئەوەی چۆنێتی دۆزینەوەی ئەوگۆڕانە بزانین ئەم دیدارەم لەگەڵدا سازکرد.

**مامۆستا بەخێربێیت سوپاس بۆ قایل بوونت بەدیدارەکەمان**

سوپاس بۆ تۆ

**ئەگەر خۆت بناسێنیت ؟**

جومعە محمد کەریم ، خەڵکی شاری دوزخورماتوومو ئێستا مامۆستای بەشی هونەری شێوەکاریم لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کفری .

**دیارە بەرێزت هونەرمەندیت وا لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکان دەوام دەکەیت ؟**

بەڵێ من شێوەکارم و بەشی هونەری شێوەکاریم لەکۆلێژی هونەرەجوانەکانی بەغدا تەواو کردووە .

**ســـەرکەوتووبیـت بەداخەوە دیـدارەکەمـان لەمەڕ هونەر نیە، بەڵکو لەبـارەی تـاوانی ئەنفـال و گۆرەبەکۆمەڵەکانەوەیە کەبەرێزت شایەتحاڵی بوونی گۆڕی بەکۆمەڵیت ؟**

بەڵی وایە بەداخەوە .

**باسی دۆزینەوەی ئەو گۆرە بەکۆمەڵەی پارێزگای تکریتم بۆبکە؟**

بەڵێ بەســەرچاو من لەســاڵی 1995 خوێندکاری زانکۆبووم پێویســتم بەوە بوو کاربکەم هەڵبەت هەردەبوو هـاوینـان کـارێـک بکەم، مـاڵی مـامەم نیوەی دەراســـەیەکیـان هەبوو نیوەکەی تری هی کابرایەکی عەرەب بوو واتا شـەریکبوون، لەگەڵ عەرەبێکی پارێزگای تکریتیدا، کابرای عەرەب سـەر بە عەشـیرەتی عوبیدەو شـێخ تالیبی ناوە، من ئەو هاوینە بووم بەسـایەقی دەراســە و بۆکارکردن چووم بۆ ناوچەی تکریت، لەپێشـــەوە لە خۆراوئای دوز دەســـتمان بە دروێنەی گەنم کرد، کە لەوێ ئیشـمان تەواو بوو چوینە شـوێنێکی تر ئیشـەکەی پێشـوو ترمان دروێنەی گەنمی ماڵی شـێخ تالیب بوو کە ئەومان تەواو کرد چووینە شوێنێکی تر.

شوێنەکەی تر کوێ بوو ؟

لە دەشـتی حەمرین لەسـەر رێگای تکریت، لە حمرین چووینە خوارەوە ئەو ناوەش باش شـارەزاین، کە بەدەســـتی ڕاســـتدا لامـانـدا دوومالْ هەبوون، دەبوو دروێنەیان بۆ بکەین، یەکێکیان کەوتبووە خوارترەوە، چونکە مـاڵی عەرەب وەک خۆمان نین ئەوان عادەتیان وایە کەمێک دوردەبن لەیەکتری، ئەوانیش هەر عوبیدی بوون، ماڵی یەکەم شـــێخ زاری بوو، ئەوی تریانم بیرنـایەت، ئەوان درەویان هەبوو، ڕۆژێکیـان کـاتی نـانخواردنی نیوەڕۆ بوو بـاوکیو کوڕەکانی پێکەوە قســـەیان دەکرد، منیش عەرەبیم باش دەزانی باوکیان ووتی: ئەو پارچە با ئێستا درەو بکەن ئەو پارچەیەی لای قەبرەکان با شــەو درەوی تێدابکەن، منیش ئـاســـایی ئەو قســـەیەم وەرگرت، (الزرع یم الگبور) بەزمانی عەرەبی ئاوای ووت. بەهەرحاڵ وتی شەو ئەوەی لای قەبرەکان بدورنەوە.

**ئەوان تۆیان باش دەناسیو دەشیان زانی لەعەرەبی تێدەگەی ؟**

بەڵێ دەیانزانی .. بەلاَم من هەر زوو لەوە کەوتمە گومانەوە، چونکە عەرەب قەبرســـتانی نیە وەک لای ئێمە، ئەوەش بەلای منەوە کێشـەیەک نەبوو لەکوێ شـەو ئیش دەکەم و لە کوێ بەڕۆژ، ئێوارە داهات چووم بۆلای دەڕاسـەکە چونکە من بەشـەوان ئیشم دەکرد دووشەفت بووین، ئیتر ئێوارە داهات یەکێکیان لەگەڵمدا هات سـوار بووین ڕۆیشـتینە سـەر کیڵگەکە خۆت دەزانی بەشـەویش جوگرافیا

ناناسیتەوە، بەس ئەوەم زانی بەرزاییەک بوو چومە خوارەوە ئیتر نەجادەی گشتیم لێوە دیارما نەماڵەکانیش،ئەوەی کە لەگەڵمدا سوار ببوو تەنها فەڕەیەک بە دەوری خەلەکەدا لەگەڵمدا سوار بوو ئەویش بۆ دیاری کردنی گەنمەکە بوو هەتا پیشانمبدات کوێ دەورمەوە ئەو خولە لەگەڵمدا هات و ئیتر دابەزی ووتی: ئیتر بەو شێوەیە ئیش بکە، ئەو شەوە ماوە ماوە هەستم دەکرد دەڕاسەکە دەکەوتە چاڵی یەکەوەو دەهاتەوە دەرەوە چاڵیکەش ئەوەندە نەبوو هەروا بیست مەتریک بەڵام جۆر بوون ئیتر کە ڕۆژ بووەوە شەفتی من تەواو بوو، دەبوو بچم پشوو بدەم، بەڵام لەپێش ئەوەی بڕۆم چوم ووتم بزانم ئەم چاڵانەی ئەمشەو چی بوون واشەو دەراسەکەم تێی دەکەوت، کە چوومە شوێنەکە هەستم کرد زەویەک دابەزیووەو هی ئاودریش نیە ئیتر کە سەیرم کرد چەند دۆلێک ئەو چاڵانەی زۆر تێدابوو، بەوەش کەوتمە گومانەوە کە ئەوچاڵانە کراونو بە هۆی بارانەوە گڵەکانی سەریان دابەزیوون، چوومە دۆڵیکی ئەودیو تر چاڵیکم بینی پڕ نەکرابووەوە چۆن هەڵکەندرابوو هەروا مابوو دانەپۆشرابوو، بەڵام بەهۆی بارانەوە گڵی قەراغەکانی دابەزیبوونە ناو چاڵەکەوە کە چوومە ناوی هەروا بەقەد پشتێنی زەلامێک قوڵی مابوو، ئیتر زۆر هێنامو بردم.. لەبەر ئەوەی هێشتا لە چاوەڕوانی ئەنفالدابووینو خزمو کەسمان ئەنفال بوو شکم بۆ گۆڕی ئەنفالکراوەکان چوو،بەتایبەتی کە قسەی کابرم بیرکەوتەوە ووتی: ( بالیل خلی یم الگبور) ئیتر چوومە ناوئەوەی کە بان نەدرابوو ووتم بزانم پیوانەیەکی بکەم درێژیەکەی ١٢پێ بوو بەنیوەی بالای زەلامێکیش قوڵی مابوو،( لەخوارەوە وێنەی گۆڕەکە ببینە) ئەوی تری بە بارانوداخزانی خۆڵ پڕبووەوە، دیارە دوای ئەوەی ٥ ساڵ باران لێی دابوو کۆن ببوو.

**دیارە ئەو چاڵەش هەر بۆ گۆڕی بەکۆمەڵ بووە، بەڵام کەسی تێنەکراوە ؟**

بەڵی بەدڵنیاییەوە کەسی تێنەکرابوو هەربۆیە بانیش نەدرابووەوە. بۆ بەیانی بۆ هاوکارەکانم باسکرد، لێیان ئەمین بووم ئەوانیش خزمی خۆم بوون، ووتم ئەو حاڵەتەم بینیوە، ئینجا بۆبەیانیەکەی دوایی لەماڵەکەمان پرسی کە درویێنەمان بۆدەکردن، کابرا بزەیەکی لێوە هات ووتی: هیچ نیە لێی مەپرسن، ئەوە هی خۆمانە زۆر هەوڵماندا کابرا شێخ زاری هیچی پێنەگوتین،دیاربوو زۆر دەترسا، بەڵام کورێکی گەنجیان هەبوو ئیتر من وازم نەهێنا لەکوڕەکەیم پرسی وتی: پێت دەڵێم بەمەرجێک ناومان نەهێنن ووتم ئێباشە خۆتان دەزانن ئێمە کوردینو بەعسی نین،چیە پێمان بڵێن مەمنون دەبین .

**ناوی کوڕەکەت بیرنیە ..؟**

نا ناوی کوڕەکەم بیرنەماوە، بەڵام ماڵەکە دەزانم لەکوێدایەو شوێنی گۆڕەکانیش دەزانم، ئێستا بەم نیوەشەوە بچین یەکسەر دەتوانم بچینە ماڵەکە. ئێمە نەماندەویست هیچ لەبارەی ئەنفالەوە بڵێین دەمانویست ئەو بڵێت، ووتم ئەمە هی کەیە ووتی: هی پێنج ساڵ پێش ئێستایە ووتمان چۆن بووە، ووتی ئەوە عەسکەرییە هاتووە لەم ناوە یەک دوو ڕۆژ حمایەو رەبایەی داناوەو حەفارەیان هێناوەو چاڵیانکردووە، ئێمەش شوانمان هەیە شوانەکانیان تبلیغ کردبوو کە بەو ناوەدا نەچن.. ئیتر هەرچی شوان هەیە پێیانیان ووتبوو،کە نەیەنە ئێرەو لەم ناوچەیە مەڕەکانیان نەلەوەڕێنن لێرە دور بکەونەوە، سەرباز نزیکەی سێ ڕۆژ لەو ناوەدا مانەوە، حەفارە ئیشی دەکردو سەیارەیەکیش خواردن و شتی بۆیان دەهێنا، ئیتر دوای ئەوە هەموویان ڕۆیشتن، بەڵام ئێمەیان ئاگادار کردەوە کەکەس نەچێت بەوناوەدا لەبەرئەوەی مەوادی کیمیاویو شتی خراپ لەوناوەدا دەشارینەوە توشی زەرەرو زیان دەبن. هەقیقەت ئێمەش ترساین بەڵام هەرچووین ووتمان بزانین چییە،هیواش هیواش

قەراغمـان دەگرتو نزیـک دەبووینەوە کە بینیمـان چـاڵی زۆریـان کردبوو بەڵام نەمـاندەزانی بۆچییە چـاڵەکـانیش زۆر بوون، ئەو کوڕە ووتی یەکێکمـان چووەتە نـاو چـاڵێکیـان نەیتوانیوە دەرچێت هـاوڕێیەکی دەســـتی بۆ درێژکردبوو بە هـاوکـاری ئەوئینجـا توانیبووی دەربچیـت و ئەو شـــوانە بەوشێوەیە دەرچووبوو.

**ئەی نەیوت دوای چەند ڕۆژ ئەنفالکراوەکانیان بۆ هێنابوو ؟**

با ووتی دوای ١٥ڕۆژی تر هاتنەوە هەرچی لەوناوە بوو دەریانیان کردبوو، ئەمجارە هەڕەشـەشـیان لێمانکرد و شـــوانێکیان لەوناوەدا گرتبوو لە نزیکی چاڵەکاندا بوو لێیاندابوو، بردبوشـــیان لەگەڵ خۆیـانـدا بەڵام نـازانم بەربوویـان نـا. کوڕەکە گوتی: ئەمجارەیان کە هاتبوونەوە لە جیاتی حەفارە شۆفڵیان پێبوو، پاسەوان و سەیارەی زۆری ئیستخبارات ئەمجارە سەربازی ئاسایی نەبوون بەڵکو ئەمن و ئیســـتخبـارات بوون، ئەوانە بەس بەشـــەو هـاتوو چۆیـان دەکرد ئەوانیش نزیکەی ١٥شـــەومابوونەوە. ئەو کوڕە گوتی: ئیتر لەنێوان ئەو ١٥ شـــەوەدا بەردەوام ســـەیارەی مقەبەت ( ســــەرداپۆشـــراو) هـاتوو چۆیان دەکرد ســـــەیارەکان وەکو ئیســـــعاف وابوون، بەڵام درێژ بوون، سەرداپۆشراوبوون بە چینکۆ نەک بەچەتر ئیتر شـەوی وا هەبوو ١٥ سـەیارە لەوانە دەهاتن شەوی واهەبوو ٦-٧ ســــەیـارە دەهـاتنو دەگەڕانەوە.. ئیتر ئەمە هەر بەشــــەوبوو کەچی بەڕۆژیش هیچ حموحۆڵ نەبوو ! تەنها (حیمایة) پاســــەوانی ســــەرباز هەبوو لەبان بەرزیەکان،دوای ئەو ماوەیە ڕۆژێک گەڕانەوەو بەهەمان شــــێوەی جاری پێشــــوو (تبلیغ) ئاگاداریانکردینەوە گواتیان کە نەچین بەوناوەدا شــتی خراپ و خەتری لێیە، بەڵام ئێمەش هەروەکو جاری پێشــوو بەپارێزەوە چوینەوە شوێنەکە. هەرچەندە زۆریش بایەخمان بەوە نەدەدا چوزانین چییە وتمان سەربازەو هاتووە.

**ئەی نەتان پرسی چ وەرزێک بووە ..؟**

با پرسیمان ووتی کاتی درەو جۆبوو واتە بەهارێکی درەنگ.

**بەڵێ ، ئیتر ئێوە گەیشتنە هیچ ئەنجامێک لەسەر قسەکانی ئەو کورە یان زیاترتان دەویست ..؟**

ئێمە لەگەڵ ئامۆزاکانمانو خزمەکانمان گەیشتینە ئەو قەناعەتەی ئەوە گۆڕو تەرمی ئەنفالکراوەکانە.

**بۆچی ئەوان هیچ ئاماژەیەکیان لەسەر ئەنفال نەدا ..؟**

نا ئەوان هیچیان نەدەزانی کێ بوونو چەند کەس بوون، بەڵام ئەوەیان گوت: کە دوایی مەڕوماڵاتیان بردووەتە شـوێنەکە کەلوپەلو جلی کوردیان بینیووە، بۆ نمونە باســی شــەرواڵی ســپیان کرد، کە بینیویانە (مەبەست لە سپی جلی بۆرە ). بەتایبەتی جلی پیاویان بینیبوو .

**دوای ئەوە چیتان کرد ..؟**

ئیتر ئێمە لەدوزیش لەلای کەس قسـەمان نەکرد .. خزمو کەسمان هەبوو لەوانە کاک وەهاب ئەحمەد لەلای پێشــــمەرگە، ئەوکـاتە کۆمیتەی دوز بارەگایان لەکفری بوو، هەســــتام کردمە ڕاپۆرتێکو بە نەخشەوە ناردم بۆیانو ووتم ئەوان خۆیان چیدەکەن با سەرپشک بن .

**چۆن نەخشەکەت کرد ؟**

من وەک لە پێشەوە باسم کرد بۆخۆم، شێوەکارم ئەوە کارێکی قورس نەبوو بۆمن..

**ئێستا دەتوانی ئەو نەخشەیە بۆ منیش بکەیت ؟**

بەڵی دەتوانم، ئەو کاتەش هەربە قەڵەمو وە دەسـتی خۆم ئەو نەخشـەیەم کرد، لەسـاڵی 2003 یش جارێکی تر کردمانە راپۆرتێکو دامانە مەڵبەندی ١٦ی حەمرین.

**کەواتە ئەو گۆڕەی ئێستا کە دەڵێن لەلای دوزخورماتوو دۆزراوەتەوەو کاک وەهابو ئەوان چوون هەڵیاندایەوە هەر ئەوەیە، کەتۆ باسی دەکەیت..؟**
**بەڵێ پێموایە هەر ئەوەیە .**




**وێنەی ئەو گۆرەی کەوا پرنەکراوەتەوەو مامۆستا جومعە باسی دەکات .**



**هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی حەمرین لەلایەن وەزارەتی شـــەهیدان و وەزارەتی مـافی مرۆڤی عێراقەوە**